# ئیلاف سەردار:

# نەبوونی یاریگای تایبـــــــ پایسکلسواری گرفتی ســـ

دیمانە: زێبین رەمزی



**■ ئیلاف ســـەردار یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی یاریی پایسکلســـواری لەسەر ئاســـتی کوردســـتان و عێراق کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا بوونی خۆی لەم یارییە بسەلمێنێت، ئیلاف لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی هەولێرە و قوتابی قۆناغی سێیەمی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشـــی هەولێرە، سەرەتای هاتنی بۆ نێو بواری وەرزش لە تۆپـــی پێ بوو لە یانـــەی ئافرەتانی هەولێر دواتر بووە یاریزانی تۆپی باســـکە لە هەمان یانە، پاشان بە ئارەزووی خۆی بڕیاری دا ببێتە یاریزانی پایسکلسواری و لە یانەکانی (برایەتی، ئافرەتانی هەولێر، پێشکەوتن) یاری کردووە، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

***بۆ یاریی پایسکلسواریت هەڵبژارد؟**

- کاتێك قوتابی قۆناغی یەکەمـــی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشـــی هەولێر بووم، ریکلامێکم بینی لەســـەر ئەم یارییە، منیش وەکو حەزێك بڕیارم دا ببمە یاریزانی پایسکلسواری و تا ئێستاش لەم یارییە بەردەوامم.

***دەستکەوتەکانت لەم یارییە چۆنە؟**

- لە ســـاڵی ٢٠١٢ بەشـــداریم لە پاڵەوانێتیی یانەکانی کوردســـتان کرد لەگەڵ یانەی برایەتیدا توانیمان بەشێوەی تیپ پلەی یەکەم بە دەست بهێنین، بۆ یەکەم جاریش ئەم ساڵ لەگەڵ یانەی پێشـــکەوتن بەشداریم لە پاڵەوانێتیی عێراق کرد و توانیم دەســـتکەوتێك بۆ خۆم تۆمار بکەم و پلەی هەشـــتەم لەسەر ئاستی عێراق بە دەستبهێنم کە ئەمەش دەســـتکەوتێکی گرنگە بۆ من لە یەکەم بەشـــداریکردنم، هەروەها توانیمان پلەی سێیەم لەســـەر ئاستی تیپ لە عێراق بە دەستبهێنین.

*** ئایا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراویت؟**

- بەڵـــێ، بـــە سوپاســـەوە راهێنـــەری هەڵبـــژاردەی پایسکلســـواریی کچانـــی عێـــراق عەبدولقـــادر نورەدین منی بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی کچانی عێراق کرد بۆ ئەوەی بەشـــداریی لە پاڵەوانێتیی ئاسیا بکەین لە وڵاتی کازاخســـتان بەهۆی ئەم ئاســـتە باشـــەی لە پاڵەوانێتیی عێراق پێشکەشم کرد.

***ئاســـتی یاریی پایسکلســـواریی کچان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستێکی باشـــی هەیە، بەڵام هێشتا ماوە بگاتە لووتکە، چونکە دەبێـــت ئێمە جیاوازیی ئاســـتی کچـــە یاریزانەکانی کوردســـتان لەگەڵ وڵاتانی دراوســـێ و پێشـــکەوتوو بکەین، چونکە ئێمە لە عێراق واتا یانە کوردســـتانییەکان بێ رکابەرن و کۆنترۆڵی پاڵەوانێتییەکانیـــان کردووە، دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کچە یاریزانەکانی کوردســـتان رکابەری وڵاتانی دراوســـێ و پێشـــکەوتووەکان بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن دەســـتکەوتی مەزن بەدەست بهێنن.

*** ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر چۆن دەبینی؟**

- ئەوەی راستی بێت لە شاری هەولێر، پێویستی بە پاڵپشتی زیاتـــر و متمانە هەیە، چونکە کچە یاریزانی زۆر هەیە ئارەزوو و خولیـــای ئەم یارییە دەکەن، بـــەڵام بەهۆی رێگەنەدانیان لە ماڵەوە و هەندێك نەریتـــی کۆمەڵایەتی ناتوانن ببنە یاریزانی پایسکلســـواری، بۆیە دەبێت لایەنە پەیوەندارەکان زیاتر خۆیان لـــەم رووەوە ماندوو بکەن بۆ ئـــەوەی کچانی یاریزان لە یاریی

ـــــەت بە
ـــــەرەکیی ئێمە

پایسکلسواری لە هەولێر زیادبکرێت.

*** کێشە و گرفتتان چییە؟**

- کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی ڕێگایەکی تایبەت بە یاریی پایسکلسواری بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان یاخود ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکان، زۆربەی کاتەکان لە کاتی ئەنجامدانی مەشق تووشی کێشە و گرفت دەبین لە ڕێگا بە تایبەتی کچانی یاریزان، چونکە کەسانێك لە ڕێگا تانەمان لێدەدەن یاخود هەندێك لە برا شۆفێرەکان بە ئەنقەست ئۆتۆمبێلەکانیان لەسەر ئێمە دەشکێننەوە، بۆیە داواکارم کە لەم ڕووەوە هاوکاری ئێمە بن بۆ ئەوەی بتوانین مەشقەکانی خۆمان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەین.

*** چ بکرێت بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە؟**

- هیوادارم یانەکان زیاتر بایەخ بە یاریی پایسکلسواری کچان بدەن و ئۆردوگای مەشقی لە دەرەوەی کوردستان ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە دوایین زانیارییەکانی ئەم یارییە وەربگرین، هەروەها بەشداری لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییەکان و ناوچەکە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئاستمان پێش بکەوێت.

*** تا چەند یانەکان لەم ڕووە هاوکارن ؟**

- یانە بۆ یانەیەکی تر جیاوازە، من لێرەوە سوپاسی یانەی پێشکەوتن دەکەم، کە هەموو شتێکی بۆ دابین کردووین و لە ڕووی پێداویستییەکانەوە هیچ کێشە و گرفتمان نییە و هیوادارم هەموو یانەکان وەکو یانەی پێشکەوتن پشتگیریی لە یاریی پایسکلسواریی کچان بکەن.

***تا چەند لە ئاستی پاڵەوانێتییەکان ڕازیت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت کردنەوەی پاڵەوانێتییەکان یەکجار کەمە، چونکە ئەنجامدانی سێ پێشبڕکێ لە ماوەی ساڵێکدا زۆر کەمە، دەبێت ژمارەی پاڵەوانێتییەکان زیاد بکرێت بۆ ئەوەی ڕکابەریی لە نێوان یاریزانان و یانەکان زیاتر بێت و ئاستی یارییەکە زیاتر پێشبکەوێت.

*** خۆت بە قەرزاری کێ دەزانیت؟**

- خۆم بەقەرزاری ڕاهێنەری بەتوانا ئۆرفیۆس جەلال دەزانم، کە ئاستی منی بەرزکردەوە و هەر ئەویش هۆکاری بەردەوام بوونمە لە یاریی پایسکلسواری، چەندین جار هەوڵم داوە ئەم یارییە جێبهێڵم، بەڵام بەهۆی پاڵپشتی و پشتگیری ئەم ڕاهێنەرە نەمتوانیوە دەستبەرداری یاریی پایسکلسواری بم، لەم ڕوانگەیەوە بە دەرفەتی دەزانم زۆر سوپاسی بکەم و هیوادارم نموونەی ئەم جۆرە ڕاهێنەرانە زیاد بێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە و هیوادارم زیاتر بایەخ بە یاریی پایسکلسواریی کچان بدرێت و ئاواتی من بەشداریکردنە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی کوردستان و عێراق.







# برۆسیا دۆرتمۆند لەهەوڵی پێشکەشکردنی گرێبەستێکی تازەدایە بە مارکۆ ریۆس




راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاشکرایان کرد یانەی برۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ئامادەیە گرێبەستێکی نویێ پێشکەش بەیاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەی مارکۆ ریۆس یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بکات لەبەرامبەر مانەوەی لەیانەکەدا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە گرێبەستی ئێستای ئەو یاریزانە تا ساڵی ٢٠١٧یە، هەروەها راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە ئەگەری گواستنەوەی ئەو یاریزانە دەکرێت لەهاوینی داهاتوودا بۆ چەند یانەیەکی گەورەی وەك بەرشلۆنە و ریال مەدرید لە ئیسپانیا یان مان یونایتد لە ئینگلتەرا، بەڵام بەپێی پێگەی ئەلیکترۆنی سپۆرت ویتنس یانەی دۆرتمۆند نیازی پێشکەشکردنی گرێبەستێکی تازەی هەیە ئەوەش بە زیادکردنی مووچەی ساڵانەی لەپێنج ملیۆن یۆرۆوە بۆ حەوت ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ بەرزکردنەوەی بڕی پارەی شکاندنی بۆندەکەی، بەجۆرێك لەئەگەری پێشکەشکردنی هەر گرێبەستێکی گرانبەها ئەو یانەیە نەتوانێت ئەو یاریزانە بفرۆشێت ...شایەنی وتنە ریوس بووە جێگای بەرچاوی میدیا و وەرزشکاران لەم وەرزەیدا لەگەڵ یانەی دۆرتمۆند دوای ئەوەی توانی ١٦ گۆڵ تۆمار بکات لەخولی ئەڵمانیا و ٥ گۆڵیش لە خولی یانە پاڵەوانەکان هەروەها ١٤ پاسی یەکلایکەرەوەو گرنگی داوە لە هەردوو پاڵەوانییەتیدا.



# رایان گیگز:
# بۆ وەرزی داهاتوو یانەی شەیتانە سوورەکان دەگەڕێتەوە ئاستی جارانی

بەڕێوەبەری هونەریی کاتی تیپی مان یونایتدی ئینگلیزی رایان گیگز پێی وایە بۆ وەرزی داهاتوو یانەی شەیتانە سوورەکان دەگەڕێتەوە ئاستی پێشووی، هەرچەندە ئەنجامەکانی بۆ وەرزی ئەم ساڵ جێی نیگەرانیی هەموو لایەك بووە کە دواتر دوورخستنەوەی راهێنەرەکەی دیڤد مۆریسی ئوسکتلەندی لێکەوتەوە، هەروەها رایان گیگزی وێلزی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد و گوتی : سەیری لیڤەرپول بکەن لەوەرزی رابردوودا کۆتاییان بەکێبڕکێکان هێنا بەمانەوەیان لە خانەی حەوتەمی ریزبەندی، بەڵام لەم ساڵدا چ ئاستێکی باش پێشکەش دەکەن و ریزبەندی یەکەمی خولەکەیان گرتووە، کە هیچ کەسێك پێشبینی نەدەکرد، هەر لەدرێژەی قسەکانیدا گیگز گوتی : دەتوانین زۆر شت بگۆڕین و لەتواناماندا هەیە تیپەکەمان بەیاریزانی نوێ ئامادە بکەین، هەرچەندە ئەو ئەرکە گرانە، بەڵام لەو بڕوایەدام مان یونایتد دەگەڕێتەوە ئاستی جارانی و نازناوەکان بباتەوە.



# کریستیانۆ رۆناڵدۆ پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی قاچی زێڕین

یاریزان و ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ رۆناڵدۆ پاڵێوراوە بۆ بردنەوەی خەڵاتی قاچی زێڕین کە بەباشترین یاریزانی سەرووی ٢٨ساڵیی جیهان دەدرێت... لەم بارەیەوە پێگەی دیڤنسا سنترالی وەرزشی بڵاویکردۆتەوە ئەو یاریزانەی چانسی بردنەوەی خەڵاتی قاچی زێڕینی هەیە کریستیانۆ رۆناڵدۆیە، چونکە لەم ماوەیەدا ئاستێکی باشی پێشکەش کردووە لەگەڵ یانەی شاهانە و گۆڵکاری خولی ئیسپانیا و چامپیۆنزلیگە، ئەمەو بەپێی پێگەی ناوبراو ژمارەیەك لەئەستێرەکانی جیهان توانیویانە ئەم خەڵاتە بەدەست بهێنن لەوانە ئینیستا و درۆگبا و پیرلۆ و تیری هێنری و ...هتد، بۆیە لەئێستادا ئەو نازناوە نزیکە لە رۆناڵدۆی تەمەن ٢٨ ساڵ.

# یارییەکانی خولی بژاردەی تۆپی دەستی کوردستان لە دوای تاقیکردنەوەکان بەڕێوەدەچێت

بەهــۆی تاقیکردنەوەکانی قوتابیان لە وەرزەکانی کۆتایــی قۆناغی خوێندن ڕەنگە یارییەکانی خولی بژاردەی تۆپی دەستی کوردســـتان دوابکەوێت، دوای ئەوەی یارییەکانی هەردوو کۆمەڵەی یەکەم و دوومی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە یاریی تۆپی دەستی لە هەردوو شاری هەولێرو ســلێمانی بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری و کێبڕکێ لە نێوان یانەکانی کوردســـتان بۆ ســەرکەوتن بۆخولی بژاردە لە هەردوو کۆمەڵەکەش هەریەك لە یانەکانی (ســلێمانی، سیروانی نوێ، کۆیە، هەولێر،نەورۆز، کەیوان) ســەرکەوتن بۆخولی بژاردە، هەر چەندە یارییەکانی کۆمەڵەی دووەمیش ســەرۆکی یەکێتیی تۆپی دەستی کوردستان لەســـەر ئەرکی خۆی سەرجەم یارییەکانی بەڕێوەبردووە، بەڵام تاکو ئێستا یەکێتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان بڕیاری یەکلاییکەرەوەی داوە بــۆ بەڕێوەچونی یارییەکانی خولی بــژاردە کە بڕیارە یارییەکانی لە پایتەختی کوردســـتان بەڕێوەبچێت، لەم بارەشـــەوە بێجان ئیبراهیم سەرۆکی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی (( ئێمە تاکو ئێســـتا کۆبوونەوەی خۆمان نەکردووە کە چ کاتێك یارییەکانی خولەکــە ئەنجام بدەین لە قۆناغی بــژاردە، بەهیوای ئەوەین لە کاتێکی زوو ئەنجامی بدەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی دارایی زۆربەی زۆری یەکێتییە وەرزشییەکانی گرتۆتەوە، ئێمەش کێشەی داراییمـــان هەیە، بۆیە لــە کۆبوونەوەی داهاتووی خۆماندا ئەم بڕیـــارە یەکلایی دەکەینەوە، بەڵام ڕەنگــە دوایبخەین بە هۆی وادەی تاقی کردنەوەکانــی قوتابیان لە دوای تاقی کردنەوەکان خولی بــژاردە بەڕێوەببەین، لە یارییەکانی کۆمەڵەی دووەمیش هەموو خەرجیی یارییەکانم لە ئەســتۆی خۆم گرتووە وەکو ســەرۆکی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان، بەهیمەتی هەموو لایەك هەوڵدەدەم ئاســتی وەرزشی تۆپی دەست لە کوردستان پێشــبخەین و هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە جگە لە کێشەی دارایی نەبێت، سوپاسی یانەکانیش دەکەین کە توانیان بە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە خولەکانی نایاب لە هەردوو کۆمەڵەکە)).






## تیپێکی شاری هەولێر ئامادەی ک

بەبەشداریی ٤٠٠ تیپی قوتابخانەکانی هەر یەك لە پەروەردە گشتییەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی و گەرمیان و کەرکوك و بەسەرپەرشـــتیی کۆمپانیـــای کۆکا کۆلاو بـــە هاوکاری وەزارەتـــی پەروەردەی حکومەتی هەرێـــم یارییەکانی جامی کۆکاکۆلا بۆ یاریی فوتســـاڵی قوتابخانەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردســـتان بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یـــاری لە نێـــوان قوتابخانەکانی شـــارەکان هـــەردوو تیپی قوتابخانـــەی زیوەری شـــاری هەولێرو زۆزکـــی گەرمیان گەیشـــتنە یاریی کۆتایی خولەکە، لەهۆڵی شەهید فرەنسۆ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی هەردوو

## نوری شێخ ڕەزا: گرنگیی بە وەرزش

هەرچەنـــدە یاریزانانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت لە چەندین بۆنەی وەرزشـــی و پاڵەوانێتییـــە نێودەوڵەتییـــەکان ئەنجامی پێویســـتیان بەدەست هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گلەییان هەیە لەلایەنی بەرپرس بە هۆی گرنگیی پێ نەدانی زیاتر بە وەرزشی ئەوانەوە، لەم بارەشـــەوە نوری شێخ ڕەزا سەرۆکی یانەی رۆژی خاوەن پێداویســـتی تایبەت و ئەمینداری لیژنەی پارا ئۆلۆمپی کوردســـتان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی (( وەکو هەموو یانەکانی تری کوردســـتان کـــە یانەکەی ئێمـــەش تایبەتمەندیی خۆمان هەیە پێویســـتی بەهاوکاریی زیاترە لەلایەن حکومەت و کەسانی تریشـــەوە هاوکارییەکانیش کەمە، هەرچەنـــدە بەڕێوەبەرایەتیی گشـــتیی وەرزش بەڵێنی هاوکاری کردنیان بە ئێمە داوە کە وەکو هەموو یانەکانی تری کوردستان هاوکاریمان بکەن، دامەزراوەیی وەرزشـــیمان بۆ بکەن و ژێرخانی وەرزشی و هاوکاری مادییمان بکەن و لە هەمان کاتیشـــدا کێشـــەی هاتوچـــۆی یاریزانانی تیپەکەمـــان هەیـــە)) ناوبراو گوتیشـــی یانەکـــەی ئێمە تاکە شـــوێنە بۆ کۆکردنەوەی یاریزانە خاوەن پێداویســـیتە تایبەتەکان و نزیکـــەی ٨٥یاریزانمان هەیە و زیاتر لە حەوت یاریمان هەیەو بودجەی یانەکەمان تەنیا چوار ملیۆن دینارە کە بەشـــی هیچ نـــاکات، دامەزراوەکانـــی یانەکەمان هەمـــووی هی خۆمانە و لەســـەر پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی دروست کراون و جگە لە بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش هیچ کەسێك هاوکاریمان ناکات، وەرزشی کەم ئەندامان هیچی کەمتر نییە لە وەرزشوانی ئاسایی، چونکە دەتوانین لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییەکان میدالیای ئاڵتون لە مل



# ـــــردنەوەی یارییەکانی مۆندیال دەبێت

تیپ رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، لەم یارییەشـــدا یاریزانانی تیپی زیوەری هەولێر توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و یارییەکەشـــیان بە ئەنجامی (٤-٠) گۆڵ بردەوە و نازناوەکەیان بەدەســـتهێنا، بڕیاریشـــە تیپی زیوەری هەولێر لە کردنەوەی جامـــی جیهانی ٢٠١٤ی وڵاتی بەرازیل لە کردنەوەی یەکەم یاریی پاڵەوانێتییەکە لە نێو هـــەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و کرواتیا ئامـــادەی یارییەکە بن، جێگای ئاماژەپێکردنە ئەمە چوارەم ســـاڵە یارییەکانی جامی کۆکاکۆلا لەســـەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و پاڵەوانەکانی جامەکەش لە ڕێوڕەسمێکی وەرزشی لەسەر ئاستی جیهان بەشداری دەکەن.

# ــــی خاوەن پێداویستی تایبەت نادرێت

بکەین و ئاڵای بۆهەڵکرێ، داواکارین زیاتر بایەخ بە وەرزشی کەم ئەندامان بدرێت، بەگشتی زیاتر گرنگی بە وەرزشکاری ئاسایی دەدرێت لە چاو وەرزشکاری ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پاڵەوانی جیهانمان هەیە، لە بارەی بەرنامەکانیشـــیان بۆ ئەمساڵ ناوبراو گوتی ((بەرنامەی ئەمســـاڵ دوو تا سێ هۆڵمان هەیە دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخەی بودجەوە وای لێ هات تا ئێســـتا هیچی بۆنەکراوە، بە دروســـت کردنی ئەم هۆڵانـــەش تاڕادەیەکی باش کێشـــەو گرفتەکانمان چارەسەر دەبێت)).



# زێرەڤانی پاڵەوانی کوردستان یاریگاو بارەگای تایبەتیی خۆی نییە

هەر چەندە یانەی وەرزشـــی زێرەڤانی بۆ دووەم ســـاڵ لەسەر یەك نازناوی جامی کوردستان و خولی نایابی کوردســـتان و پاڵەوانێتیی فەرەنســـای نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە، بۆیە پێشبینی دەکـــرێ دەســـتەی کارگێڕیی ئەم یانەیە بیر لـــەوە بکەنەوە یانەی زێرەڤانـــی لە خولی نایابی عێراقیش کێبرکێی بەدەســـت هێنانی ئەنجامی شایستە بکات شان بە شانی یانەکانی کوردستان لەم بارەشـــەوە بۆ گۆڤاری گوڵان عەبدولخالق حەسەن سەرۆکی یانەی وەرزشی زێرەڤانی گوتی ئێمە حەزمان دەکرد بەشداری خولی عێراقیش بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا یاریگاو بـــارەگای تایبەت بە یانەکەمان نییە لە بینایەی بنکـــەی وەرزش و لاوان کارو چالاکییەکانی خۆمان بەڕێوەدەبین، چەندین جار داوام کردووە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـــتیی وەرزش و پارێزگای دهۆك کەسیان ئامادەنەبوونە یاریگایەك بۆ ئێمە دورست بکەن، بەڵام بەم دواییە بڕیارە نووسراوێك بدەینـــە پارێزگار ئەوانیش زەوییەکمان بۆ دابین بکەن، ئێمە کـــە یاریگایەکی تایبەت بەخۆمان نەبێت زەحمەتە بتوانین چالاکی ئەنجام بدەین، هیچ شوێنێکی وەرزشی فراوانمان نییە بۆ ئەوەی بەشـــداری چالاکییەکان بکەین، هۆکارێکی تریش ئەوەیە ڕەنگە بۆ بەشـــداری کردن لە خولی عێراقی ئـــەم داهاتەمان نەبێت چونکە داهاتی ئێمە زۆر کەمـــە، حکومەتی هەرێم بەم دواییە مینحەی یانەکانی دابین کردووە، وەرزش بە کەمیی پارە بەڕێوە ناچێت، وەرزش لە هەموو جیهان دەبێ سەرمایەکی باشی هەبێت، گوتیشی یانەکانی زاخۆ و دهۆك وەکو ئێمە نین لە مێژە یانەن و دوایش ژێرخانێکی باشی ئابوورییان هەیە جگە لەو پارەیەی کە وەری دەگرن لە حکومەت،یانە هەیە پرۆژەو و شوێنی دیکەی هەیە پارەی وەرگرە، ئێمە وەکو یانەی زێرەڤانی ئەو شتانەمان نییە کە ئیشمان بۆبکات پارەی لێ وەرگرین، هەموو بیرو فیکری ئێمە ئەوەیە کە چ ڕۆژێك بەشداری لە خولی عێراقی بکەین چۆن دەبێت و کەی دەبێت بەڵام کاتی دەوێ بۆ بەشداری کردنمان.